تەسبیح کردن بۆ پیاوانە، وچەپڵە لێدان بۆ ئافرەتانە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «تەسبیح کردن* بۆ پیاوانە، وچەپڵە لێدان** بۆ ئافرەتانە». *(واتا لە کاتی هەڵەی ئیمامدا لە ناو نوێژدا پیاوان دەڵێن: سبحان الله)، **(واتا لە کاتی هەڵەی ئیمامدا لە ناو نوێژدا ئافرەتان چەپڵە لێدەدەن، واتا ناو لەپی دەستی ڕاست دەدەن بەسەر پشتی دەستی چەپدا بۆ ئەوەی دەنگێک دەربچێت نەک مەبەست چەپڵەلێدانی ئاسایی بێت کە هەردوو ناو لەپی دەست بەریەک بکەون)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

واتای فەرموودەکە: (تەسبیح کردن بۆ پیاوانە، وچەپڵەلێدان بۆ ئافرەتانە)، لە گێڕانەوەکەی (مسلم)دا: (لە ناو نوێژدا)، واتا: ئەگەر شتێک ڕووبدات هەڵە بێت لە ناو نوێژدا پێویستە کەسێکی تر ئاگاداری بکاتەوە بەهۆی شتێکەوە، ولەوانەش ئاگادارکردنەوەی ئیمام (پێشنوێژ) لە ناو نوێژدا ئەگەر هەڵەیەکی کرد، یان بینینی نابینایەک کە دەکەوێت ناو بیرێکەوە، یان مۆڵەت وەرگرتن بۆ چوونە ژوورەوە، یان نوێژخوێن دەیەوێت کەسێکی تر لە شتێک ئاگادار بکاتەوە، لەم حاڵەتانەدا پیاو دەڵێت: (سبحان الله)؛ ئەمیش بۆ ئاگادار کردنەوەیە لەو شتەی دەیەوێت ئاگاداری سەبارەت بدات، بەڵام ئافرەتان بۆ ئاگادارکردنەوە چەپڵە لێدەدەن (واتا: لە ناو نوێژدا ناو لەپی دەستی ڕاست دەدەن بە سەر پشتی دەستی چەپدا بۆ ئەوەی دەنگێک دەربکات ومەبەست ئەوەیە نییە بە ناو لەپەکانی هەردوو دەست چەپڵە لێبدەن)، ئەمیش بۆ ئەوەی نوێژ دوور بێت لە قسەی ئاسایی؛ چونکە نوێژ شوێنی نزاکردن وپاڕانەوەیە لە خودا -سبحانە وتعالی-، وکاتێک پێویست بوو قسە بکرێت ئەوا ڕێگەپێدراوە شتێک بووترێت کە بەشێکە لە نوێژەکە ئەویش ووتنی (سبحان الله) یە بۆ پیاوان، وهەندێک لە زانایان دەڵێن: ئافرەتانیش دەتوانن بڵێن: (سبحان الله) ئەگەر ئیمام هەڵەی کرد بەڵام بەمەرجێک لە پشتی مەحرەمەکانیانەوە یان لە پشتی ئافرەتانەوە نوێژ بکەن واتا پێشنوێژ مەحرەم یان ئافرەت بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10652